نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبونەوەی بەخۆوە بینی

بەراورد بە دوێنی و چەند ڕۆژی رابردوو نرخی نەوت بەرزبوونەوەی بەخێوە بینیوەو گەیشتەوە سەروو 74 دۆلار.

هەرچەندە لەسەرەتای ساڵی نوێ و تا کۆتایییەکانی هەفتەی رابردووش نرخی نەوت هەر لەسەرووی 80 دۆلار بوو، بەڵام ماوەی چەند ڕۆژێکە نرخی نەوت هەر رووی لە دابەزینە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە کاتی کردنەوەی بازاڕی جیهانی نەوت، نرخی هەر بەرمیلێک لە نەوتی برێنت بە 74 دۆلار و 69 سێنت مامەڵەی پێوە دەکرێت و بەراورد بە دوێنێ 0.08% بەرزبووەتەوە.

هەروەها نرخی بەرمیلێک نەوتی خاوی تێکساسیش بە 71 دۆلار و 18 سێنت مامەڵەی پێوە دەکرێت.